سەرۆک وەزیران جەخت لەسەر پێویستی کردنەوەی هێڵی گەشت لەگەڵ ئەرمینیا و ئاسانکاری بۆ ڤیزەی چوونە ژوورەوە دەکاتەوە

ئەمڕۆ سێشەممە، محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران جەختی لە پێویستی کردنەوەی هێڵی ئاسمانی لەگەڵ ئەرمینیا و ئاسانکاری بۆ وەرگرتنی ڤیزەی چوونە ژوورەوە کردەوە، هاوکات سەرۆکی کۆماری ئەرمینیا، ڤاهاگن خاچاتوریان، ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ هاوکاری لەگەڵ عێراق لە بوارەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری و وزەی پاک و نوێبووەوە دەربڕی.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە:- محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران پێشوازی لە ڤاهاگن خاچاتوریان، سەرۆکی کۆماری ئەرمینیا و شاندی یاوەری کرد، کە ئەمڕۆ ڕۆژی سێ شەممە سەردانێکی فەرمی گەیشتە بەغدا.

سەرۆک وەزیران جەختی لە گرنگی ئەم سەردانە کرد کە دوای زنجیرەیەک دیداری گرنگ لە نێوان بەرپرسانی هەردوو وڵات دێت، وپێزانینی خۆی دەربڕی بۆ ئاراستەکانی حکومەتی ئەرمەنستان بەرەو پەرەپێدانی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان.

سودانی ئاماژەی بە دەرفەت و پڕۆژە گرنگەکانی وەبەرهێناندا کە کۆمپانیا ئەرمەنییەکان دەتوانن بەشداری تێدا بکەن، بەتایبەتی ڕێگای گەشەپێدان و بەندەری گەورەی فاو، و ئەو پڕۆژانەی پەیوەستن بەوانەوە، وداوای "دامەزراندنی مەکۆیەکی هاوبەش بۆ بازرگانان لە نێوانیان هەردوو وڵاتدا کرد.

سەرۆك وەزیران جەختی لەپەیوەستی کردنەوەی هێڵی ئاسمانی لە نێوان هەردوو وڵات و واژۆکردنی یاداشتێک بۆ دوورکەوتنەوە لە دوو باج و ئاسانکاری بۆ پێدانی ڤیزەی هاتنە ژوورەوە بۆ هاندانی گەشتیاری هاوبەش کردەوە، هەروەها راگەیاند کەعێراق ئاواتەخوازە بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ ئەرمینیا لە بواری وزە وزانیاری تەکنەلۆژیا و حوکمڕانی ئەلیکترۆنی.

سودانی شانازی عێراقی بە هاوڵاتیانی عێراقی بە ڕەچەڵەک ئەرمەنی دەربڕی، چونکە ئەوان نوێنەرایەتی زیادکردنێکی گرنگ دەکەن بۆ هەمەجۆریی کۆمەڵگای عێراقی، لە ڕێگەی بەشداریکردنیان لە بوارە جیاوازەکانی زانستی، پزیشکی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، و سوپاسی هەڵوێستی ئەرمینیا کرد لە دەنگدان لە بەرژەوەندی ئاگربەست لە غەززە.

لای خۆیەوە سەرۆک خاچاتوریان سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ ئەو پێشوازییە گەرمە دەربڕی و ئاماژەی بەوەدا کەسەردانەکەی دەربڕینی خواستی دەسەڵاتە بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتە.

هەروەها دووپاتی کردەوە کە بۆ سەرۆکایەتی شاندێکی فەرمی ئامادەی بووە، بە یاوەری شاندێکی بازرگانان بە مەبەستی گەڕان بەدوای دەرفەتە بەردەستەکان و فراوانکردنی هاوبەشی ئابووری نێوان هەردوو وڵات.

سەرۆکی ئەرمینیا ڕوونی کردەوە کەکۆمەڵێک شت هەیە کە هەردوو وڵات یەکدەخەن، وەبیریهێنایەوە کەعێراق لەنێو ئەو وڵاتانەدا بوو کە ئەرمەنییەکان لە ڕۆژانی جینۆسایددا پەنایان بردووە.

سەرۆکی ئەرمەنستان ئامادەیی وڵاتەکەی دەربڕی بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ عێراق لە بوارەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری و بانکی و وزەی پاک و نوێبووەوە.